# ئەمەریکا سەرۆککۆمارێکی وای دەوێت

**ئەمجەد شاکەلی**




لە ئاهەنگی دانانی بەردی بناخەی زانستگەی ئەمەریکی لە شاری سلێمانی، زەلمای خەلیلزادی باڵیۆزی ئەمەریکا، لە بارەی جەلال تاڵەبانییەوە گوتی: سێ ساڵ پێش ئەورۆ و لە جڤینێکی سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقدا لە لەندەن، بە هۆی ئەو توانست و لێوەشاوەیی و کەسیەتییەوە، کە جەلال تاڵەبانی هەیەتی، پێیم گوتووە، کە تۆ(تاڵەبانی) پاش سێ ساڵان دەبییە سەرۆککۆماری عیراق و وا ئەو خەونە هاتە دی و ئێستایش داوا لە پەرلەمانی نوێ هەڵبژێردراوی عیراق دەکەم، کە بۆ جاری دووەم و بۆ چوار ساڵی دیکە، تاڵەبانی بۆ سەرۆککۆماریی عیراق هەڵبژێرێتەوە[1]. ئەوەی ئەو گوتەیەی خەلیلزادی بیستبێت، ئەگەر ئەلفبێی سیاسەتیش تێنەگات دەزانێت، کە ئەمەریکا بۆ خۆی، نەک هەڵبژاردن و وازییەکانی دیکە، بڕیاری دانانی جەلال تاڵەبانی داوە وەک سەرۆککۆمار. ڕاستە تاڵەبانی توانست و لێوەشاوەیی و کەسیەتییەکی تایبەتی خۆی هەیە، لێ لە عیراقدا و لە کوردستاندا خەڵکی توانا و لێزان و لێوەشاوە و خاوەن کەسیەتیی، کەم نین و زۆریش هەن شان لە شانی تاڵەبانی دەدەن و تێیشیدەپەڕێنن، بەڵام ئەوەی تاڵەبانی بۆ ئەمەریکا و بەرژەوەندی ئەمەریکا و بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق و بۆ پاراستنی دووکەرتیی باشووری کوردستان و بۆ خزمەتی نەتەوەی عەرەب و نیشتمانی عەرەب و کۆمکاری عەرەب و بۆ نەڕەنجاندنی دڵی تورکیا و ئێران و سووریای داگیرکارانی کوردستان و بۆ دڵدانەوەی بەعس و کەونە خەڵکانی سەر بە ڕژێمی بەعس و بۆ تورکمان و بۆ هێشتنەوە و بەردەوامیی عەرەباندن و بۆ دەوڵەمەندکردنی دەوڵەمەندان و هەژارکردنی هەژاران و بۆ پاراستن و داڵدەدانی دز و ساختەکار و پاشەڵپیسان و بۆ سستکردنەوە و خامۆشکردنەوەی گیانی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی مرۆڤی کورد و بۆ ڕەواندنەوەی خەونی ئازادی و سەربەخۆیی لە چاو و مێشکی مرۆڤی کورد و...دەیکات و دەیلێت، بە هیچ کەسێکی دیکە ناکرێت و ناگوترێت. ئەگەر لە بری تاڵەبانی عەرەبێکی شیعە یا سوننە یا ئیسلامییەک یا کۆمۆنیستێک یا نەتەوەییەک یا لیبراڵێک، سەرۆککۆماری عیراق بووایە، هەرگیز بەو جۆرەی تاڵەبانی پێ نەدەکرا و بەو جوانی و لێوەشاوەییەی، کە تاڵەبانی نەخشەکانی ئەمەریکای پێ ئەنجام دەدرێت، بە هیچ کەسێکی دیکە نەدەکرا و ناکرێت. ئەمەریکا تاڵەبانی

[1] کوردستانی نوێ، ژمارە 3846، دووشەممە 2005/12/12.

هەڵبژاردووە و هەڵیشی دەبژێرێتەوە بۆ ئەوەی وەک داهۆڵێک پاسی باشووری کوردستان و عێراق و دەوروبەری پێ بکات، لە نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزی و شۆڕشگێڕی و هەستی نەتەوەیی و هەستی سەربەخۆیی. ئەمەریکا، بۆ ئەنجامدانی مەرامەکانی خۆی و بۆ قازانجی خۆی، هەمیشە و بۆ هەموو جیهان و بە تایبەت ئەو شوێنانەی دەستی بە سەردا دەڕوات، لێبووک و داهۆڵەسەرۆکی دەوێت و هیچی دی، ئەویش بۆ ڕەواندنەوەی ئەو باڵندانەی، ئاوازی سەربەخۆیی و ئازادی و یەکسانی و دژەئیمریالیزم دەخوێنن. ئەمەریکا، لەم قوناغەی ئێستایدا و بۆ جێبەجێکردنی ویست و کارەکانی خۆی، لە تاڵەبانی باشتری چنگ نەکەوتووە و ناکەوێت و کەنگێیش چنگی کەوت، ئەودەمی تاڵەبانییش وەک هەزارانی دیکە دەخاتە ڕیزی لەبیرچووانەوە.

2005-12-15